# هەمیشە لەسەفەر دێینەوە

ئیدریس عەلی
1999

لەسەر سوچی
تەنگترین  کۆلانی خەیاڵدا
کەهەمیشە نهێنیەکانی خودام لێدەشاردەوە
چنگێ وشەو
چۆڕێ لەئاوی ڕێحانەم هەلگرتووە بۆ تەنیایی،

لەنێو تاریکترین قەفەسی
ئەم بێدەنگییە بریندارەدا
یەك تۆز خوێنم پێماوە بۆ سەفەر
ئیدی هەردك چاوم پڕ لەنوری هیوداەکەمو
هەندێك لەنیگەرانی دڵت

بەفرمێسکی ڕەشی دابڕان دەپێچمو
بەسەر حوزنی ساکاری ڕەوە شەپۆلی
دوورترین دەریای شەو پۆشەوە دەڕۆین،
لەدەنگی باڵە فڕەی کۆترێکی غەمباردا
بەسەختی هەست بەبوونی یەك دەکەین

دڵمان پەلەپەل بۆیەکتر لێدەدات
ئەشزانین جەستەی تەماوی ئەم عەشقە
زەخمارە بەگوللەی پەشیمانی
دڵنیان برینی ژێر پێستی ئەم کۆچە
تیمارە بەزەی بێنازی نەگەڕانەوە
موتمەئینین شوشەی ئەم گۆرانیە دوورانە

شکاون بەبەردی نادیاری..
بۆئەوەی نیازەکانمان نەرژێن
دەڕۆین و چاوەکانمان ناکەینەوە
خۆمان بەحاجمی پیرۆزترین
گێژە لۆکەی ڕێگاکانەوە دەپێچین

بێ پەروا دەڕۆینو
وەك(با) بایەکی کوێر
نازانین لەسەر چلی تاریکی چ خەونێ هەڵنیشین!
دەڕۆینو نازانین
وەك دلۆپە بارانێکی سەرگەردان

یەکەمین وێسگەی بەهەڵم بونمان چ زەریایەکە!

دەڕۆین تەڕ
بەو خوێنە موقەدەسەی
لەشەرفی رابردوومان تکا
دەڕۆینو وێران
وەك ئەو باخچە پلیشاوەی
رەنگێکی لە بێدەنگی منو
رەنگێکی لە دڵتەنگی تۆ بوو
بۆنێکی لە خەیاڵی منو
بۆنێکی لەفرمێسکی تۆبوو،
دەڕۆینو
سارد وەك ئەو هەتاوەی
بەهێمنی بێزارییەکانی خۆی تەکاندە
نێو کۆشی جۆگەلە تەنیاکانەوە..
لەسەرفەردا منو تۆ
هەموو کەسێکین خۆمان نەبێت
هەموو کاتێکین ئەوساتە نەبێت
مندالانە دەچووین مەکتەب
عاشقانە لەپۆلدا خەو دەیبردینەوە
جەریئانە لەپەلەیەك شیعری سەوزدا رادەکشاینو
نەقشی ژیانمان بەلاری
لەسەر پەڕەی دەفتەر وێنەکانی ئاو دەکێشا
منو تۆ لەسەفەردا
هەموو کاتێکین.. ئێوارە نەبێ
هەموو رۆژێکین.. هەینی نەبێ
گشت جولەیەکین.. سەما نەبێ
گشت مردنێکین.. ژیان نەبێ!
منو تۆ لەسەرفەردا
لەگریانەوە هەلدەکەین
وشە لەدلی مندالی دەدزینو
تاریکی رێگاکان دەنووسینەوە
من لەبەردەم مامۆستای زەمەندا
بەدرۆوە وەلامی پرسیارەکانی گەڕانەوە دەدەمەوە
تۆ قۆپی لەئیمتیحانەکانی باخچەدا دەکەیت
بەفێڵ دوو کەلی لەشانو ملی گولەکان دەکەیت...
وای...منو تۆ
دوو عاشقی راسبین
لەوانە تەرەکانی ماچدا

هەمیشە ئیکمالین لەخوێندەنەوەی

نیگا کاڵەکانی چاوبازیدا

بەردەوام غائیبین

لەموحازەرە سەوزەکانی

راموساندا.

ئێمە هەرگیز کەلە سەفەر دێینەوە

سەعی لەراستگۆیی غەریزەکانمان ناکەیین

گوێ لەئامۆژگارییە فێنکەکانی خەون ناگریین

کاتێ لەتەڕایی کۆڵانێکدا

بەنەوازشەوە پێمان دەڵێ:

ئێوە رەشترین ئەولادی خەیاڵن

ئێوە بێدەنگترین دێڕی دوورترین نامەی ژیانن

ئێوە ساردترین ئەستێرەی قوڵترین ئاسمانی شارن

ئێوە تەنیا ترین مۆمی

نێو داخراو ترین تاریکین

منو تۆ هەمیشە لەشەودا دێینەوە لەسەفەر.

سەفەری تۆ.. بۆ شینترین خەونی من

سەفەری من.. بۆ ساماڵترین دڵی تۆ

سەفەری من.. بۆ گەرمترین خەندەی تۆ

سەفەری تۆ.. بۆقوڵترین خەیاڵی من

سەفەری تۆ.. بۆ بێدەنگترین ئێوارەی من

سەفەری من.. بۆ هێمنترین بارانی تۆ،

هەمیشە منو تۆ

لەشەودا دێینەوە لەسەفەر

بەدار شەقێکی شەلو

دووربینێکی کوێرو

چرایەکی تاریکەوە... دێینەوە

کاتێ دێینەوە منداڵیمان تەواوە لەیاری

گریانمان سەرتایە بۆ سەفەر

کەدێینەوە درەنگە بۆ سەما

درەنگە بۆ ژیان

درەنگە بۆ پیاسە بەنێو پارکە خنجیلانەکانی ماچدا..

کەدێینەوە لەسەفەر

تۆ لەخۆشیاندا دەگریتو دەڵێی:

هەرگیز بەو ناشیرینیە لەئاوێنەدا

روخساری خۆم نەدیووە

من پێدەکەنمو لەداخا دەڵێم:

هەرگیز بەو جوانییەوە تەرمی خۆم

لەهیچ گۆڕێکدا نەدیوە!